دادگای فیدراڵی تانەی پەناسەی گومرگی ڕەتدەکاتەوە



ئەمڕۆ چوارشەممە، دادگای باڵای فیدراڵی، بڕیاری خۆی سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی ئۆتانەیی باوکردەوە کە دژی دەستوورییبوونی بڕیارێکی ئینجومەنی وەزیران تایبەت بە "پەناسەی گومرگی" پێشکێش کرابوو.

لە بڕیانناممەیەکی دادگاکەدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کۆتووە، هاتووە: "داواکە بە ژمارە (12/ فیدراڵی/ 2026) لە ڕێکەوتی 11-2-2026 تۆمارکراوە، تێیدا داوای دەرکردنی بڕیار کرابوو بە نادەستووریبوون و ناڕاستی بڕیاری ئینجومەنی وەزیران ژمارە (957ی ساڵی 2025) تایبەت بە (پەناسەی گومرگی)، جگە لە داواکاریێک بە دەرکردنی فەرمانێکی دادوەریی بێپێچەوانە بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارەکە تا کاتی یەکلاییکردنەوەی داواکە."

ئاماژە بەوەشکراوە: "دادگا داواکەی یەکلایی کردووەتەوە بە دەرکردنی بڕیاری ڕەتکردنەوە، ئەویش بەهۆی نەبوونی مەرجی بەرژەوەندی (شرط المصلحة) لە داواکەدا."